# چيم داوە لە دونيا، من لە دونيادا وەکو سوارێکم لەژێر سێبەری دارێك کەمێك دەحەوێمەوە، پاشان دەڕوات وبەجێی دەهێڵێت

لە عبداللەی کوڕی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لەسەر حەسیرێك خەوتبوو، هەستا لە خەو وشوێنەواری حەسیرەکە بە لاتەنیشتیەوە دیاربوو، ووتمان: ئەی پێغەمبەری خودا، دەتوانین دۆشەکێکی نەرمت بۆ دروست بکەین، بەڵام فەرمووی: «چيم داوە لە دونيا، من لە دونيادا وەکو سوارێکم لەژێر سێبەری دارێك کەمێك دەحەوێمەوە، پاشان دەڕوات وبەجێی دەهێڵێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(الترمذي وابن ماجه) ڕیوایەتیان کردووە)]

عبداللەی کوڕی مەسعود -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەسەر حەسیرێکی بچووك خەوتبوو کە لە ڕووەکێك چنرا بوو، پاشان هەستا لە خەو وشوێنەواری حەسیرەکە بە پێستەکانی لاتەنیشتیەوە دیاربوو، ووتمان: ئەی پێغەمبەری خودا، دەتوانین دۆشەکێکی نەرمت بۆ دروست بکەین باشترە لەوەی لەسەر ئەم حەسیرە زبرە بخەویت، بەڵام پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: هیچ خۆشەویست وتەبا نیم لەگەڵ دونیا هەتاوەکو هیوام پێی هەبێت، نمونەی من ومانەوە لە دونیا وەکو نمونەی سوارێکە لە ژێر سێبەری دارێك دەحەوێتەوە پاشان هەڵدەستێت وبەجێی دەهێڵێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65814

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee